زنجیرەی پەروەردە و بانگەواز
(٨)

# ڕۆڵی ئافرەت
# لە
# چاکسازی کۆمەڵگادا

نووسینی : شێخ محمد بن صالح العثیمین

وەرگێڕانی : دایکی فیردەوس

پێداچونەوەی : مامۆستا محمد عبد الرحمن لطیف

چاپی یەکەم ١٤٢٨ کۆچی

==========================================

لەبڵاوکراوەکانی

**ماڵپەڕی بەهەشت**

www.ba8.org

islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

عێراق - کوردستان - کەلار

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

کتێبی ژمارە ﴿٨١﴾

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی :

إنَّ الحَمْدَ للهِ ، نَحْمَدُهُ ، وَنَسْتَعِيْنُهُ ، وَنَسْتَغْفِرُهُ ، وَنَعُوْذُ باللهِ من شُرُوْرِ أَنْفُسنَا وَمنْ سَيِّئَات أَعْمَالنَا ، مَنْ يَهْده اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ ، أَرْسَلَهُ اللهُ تَعَالَى بِالهُدَى وَدِيْنِ الحَقِّ ، فَبَلَّغَ الرِّسَالَةَ ، وَأَدَّى الأَمَانَةَ ، وَنَصَحَ الأُمَّةَ ، وَجَاهَدَ فِي اللهِ حَقَّ جِهَادِهِ ، فَصَلَوَاتُ اللهِ وَسَلامُهُ عَلَيْهِ ، وعَلَى آلِهِ وَأَصْحَابِهِ ، وَمَنْ تَبِعَهُمْ بِإِحْسَانٍ إِلَى يَوْمِ الدِّيْنِ .

أَمَّا بَعْدُ :

بەڕاستی پێم خۆشە کەوا ئامادە ببم بۆ دەبڕینی ئەوەی کە لە ناخمدایە سەبارەت بەم بابەتە ترسناکە کە بریتیيە لە : (**ڕۆڵی ئافرەت لە چاکسازی کۆمەڵگادا**) .

بە پشتیوانی خوای گەورە دەڵێم ـ وە داوای لێدەکەم هاوکاریم بکات بۆ حەق و ڕاستی ـ :

بەڕاستی (**ڕۆڵی ئافرەت لە چاکسازی کۆمەڵگادا**) ڕۆڵێکە بایەخێکی گەورەی هەیە .

چونکە چاکسازی کۆمەڵگا دوو جۆرە :

**جۆری یەکەم : چاکسازی دەرەکی :**

ئەویش ئەوەیە کە لە بازاڕەکان و مزگەوتەکان و جگە لەمانەش لە بوارە دەرەکیەکاندا دەکرێت ، ئەمەش زیاتر پیاوان دەگرێتەوە چونکە ئەوان دەردەکەون و ئاشکرا دەبن .

**جۆری دووەم : چاکسازی کۆمەڵگا لە پشت دیوارەوە (لە نێو ماڵاندا) :**

ئەویش ئەوەیە کە لە ماڵەکاندا دەکرێت ، وە زۆربەی ئیش و کارەکانی ماڵەوە خراوەتە سەر ئەستۆی ئافرەتان ، وە خوای پاك و بێ کەموکوڕی ڕووی پێوتن و فەرمان پێکردنی کردووەتە خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ لەم ئایەتەدا و فەرموویەتی : ﴿**وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى وَأَقِمْنَ الصَّلَاةَ وَآتِينَ الزَّكَاةَ وَأَطِعْنَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنكُمُ الرِّجْسَ أَهْلَ الْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا**﴾ [سورة الأحزاب : (٣٣)] .

واتە : لە نێو ماڵەکانتاندا ئۆقرە بگرن و بمێننەوە و خۆتان ڕووت مەکەنەوە وەکو خۆڕووت کردنەوەی سەردەمی نەفامی و جەهالەتی پێشوو ، وە نوێژەکانتان بە ڕێکوپێکی بکەن و زەکات بدەن و گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی بکەن ، بەڕاستی خوا دەیەوێت پیسیتان لێ دوور بخاتەوە ئەی کەسوکاری پێغەمبەر و پاکتان بکاتەوە .

### گرنگی ڕۆڵی ئافرەت لە چاکسازی کۆمەڵگادا :

دوای ئەوە وا گومان دەبەم کە هیچ زیانێکمان لە سەر نیيە ئەگەر بڵێین : بە ڕاستی چاکسازی نیوەی کۆمەڵگا یان زیاتر دەکەوێتە ئەستۆی ئافرەتان ، ئەمەش لە بەر دوو هۆکار :

**هۆکاری یەکەم** : بەڕاستی ئافرەتان لە ژمارەدا وەك پیاوان وان ، ئەگەر زیاتر نەبن ، مەبەستم ئەوەیە کە نەوەکانی ئادەم زۆربەیان ئافرەتن ، هەروەك چۆن فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ بەڵگەن لە سەر ئەمە ، بەڵام جیاوازی هەیە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر ..

وە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر ، لەوانەیـە وڵاتـی وا هـەبێ ئافرەتـان تێیـدا زیـاتر بـن لـە پیـاوان ، وە لەوانەشە لە وڵاتێکی تردا بە پێچەوانەوە بێت ، هەروەها لەوانەیە لە سەردەمێکدا ئافرەتان زیاتر بن لە پیـاوان ، وە لەوانەشە لە سەردەمێکـی تردا بە پێچەوانەوە بێت .

بەهەرحاڵ بەڕاستی ئافرەت ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە چاکسازی کۆمەڵگادا .

**هۆکاری دووەم** : بەڕاستی پێگەیاندنی نەوەکان سەرەتا کە پێدەگەن لـە ئـامێز و باوەشـی ئافرەتانـەوە دەست پێدەکات ، وە گرنگی و بایەخی ئەرکی ئافرەتان لە چاکسازی کۆمەڵگادا بەمە ڕوون دەبێتەوە .

## بنەماکانی چاکسازی ئافرەت لە کۆمەڵگادا

بۆ ئەوەی گرنگی و بایەخی ئەرکی ئافرەتان لە چاکسازی کۆمەڵگادا بەدیبهێنرێت ، پێویستە ئـافرەت چـەندین بنەما یان پێداویستییەکانی شایستەیەتی بەجێهێنانی هەر کارێکی تێدا هەبێت بۆ ئەوەی هەڵسێت بە ئـەرکی خـۆی لە چاکسازیدا ..

وە ئەمەش بەشێکە لەم بنەمایانە :

**بنەمای یەکەم : چاکێتی ئافرەتەکە لە خوودی خۆیدا :**

دەبێ ئافرەتەکە لە خوودی خۆیدا ئافرەتێکی چاك (صالح) بێت ، بۆ ئەوەی سەرمەشق و چـاولێکارێکی چـاك و پاك بێت بۆ کچانی هاوڕەگەزی خۆی ، بەڵام ئایا ئافرەت چۆن دەگات بە چاك (صالح)ێتی ؟

با هەموو ئافرەتێك ئەوە بزانێت کەوا ناگات بە چاکی و (صـالح)ێـتی ئـیللا بـە زانـست نـەبێت ، وە ئـەوەش کـە مەبەستم بێت زانستی شەرعییە کە وەری دەگرێت ، یان لە نێو کتێبەکانەوە ـ ئەگـەر ئـەوە لەتوانایـدا هـەبێت ـ وە یان لە سەر سازری زانایانەوە ، جا چ ئەو زانایانە لە پیاوان بن یاخوود لە ئافرەتان بن یەکسانە .

لەم سەردەمەی ئێمەدا زۆر ئاسییە کە ئافرەت زانستی شەرعی وەربگرێ لـە سـەر زاری زانایـان ، ئـەوەش بـە هۆی کاسێتی تۆمارکراوەوە ، بەڕاستی ئەم کاسێتانە ـ سوپاس بۆ خوا ـ ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە بۆ ڕێنمایی کردنـی کۆمەڵگا بەو خێر و چاکەیەی کە تێیدایە ئەگەر بەکاربهێنرێت بۆ ئەمە .

کەواتە پێویستە بۆ چاکێتی ئافرەت زانیاری هەبێ ، چونکە چاکسازی بەدی نایەت بە بێ زانست .

**بنەمای دووەم : ڕەوانبێژی و زمان پاراوی :**

واتە خوا منەتی خۆی دابارێنێتە سەر ئافرەتدا بـە ڕەوانبێـژێتی و زمـان پـاراوێتی ، بـە شـێوەیەك کـە خـاوەنی زمانێکی پاراو و دەربڕینێکی روون بێت کە بتوانێـت ئـەوە دەربڕێـت کـە لـە ناخیدایـە بـە شـێوەیەکی ڕاسـت ، ئـەو واتانەی کە لە دڵ و دەروونیدایە بخاتە ڕوو کە لەوانەیە لای زۆربەی خەڵکیـدا هـەبێت بـەڵام ناتوانێـت دەری ببڕێـت ، یان لەوانەیە دەری ببڕێت بە هەندێك دەستەواژەی ناڕوون و بێڕەوانبێژی ، لەو کاتەدا ئـەو مەبەسـتە بـە دی نایـەت کە لە دەروونی قسەکاردا هەیە لە چاکسازی خەڵکدا .

بە پێی ئەوە پرسیار دەکەین : ئایا چ شتێك دەتگەیەنێت بەمـە ؟ واتـە چ شـتێك دەتگەیـەنێت بـە ڕەوانبێـژی و زمان پاراوی و دەربڕینی ئەوەی کە لە دەروونداية بە دەستەواژەیەکی ڕاست و ئەوەی کە لە ناخدایە ئاشکرا کات ؟

دەڵێین : ڕێگا بۆ ئەوە ئەوەیە کە ئافرەت بەشێك لە زانستەکانی زمـانی عـەرەبی هـەبێت : (نحـو "ڕێزمـان" ، صَرف ، بلاغة "ڕەوانبێژی") ، ئەو کاتە پێویستە ئافرەت هەندێك دەرسی هەبێت لەم بوارەدا ئەگەر چی کەمیش بن

، بە شێوەیەك كە ئەوەی كە لە ناخیدایە دەربڕبڕێت بە دەستەواژەیەكی ڕاست كە بتوانێت بەوە مانا و مەبەستەكان بگەیەنێت بە ناو دڵی ئەو ئافرەتانەی كە گفتۆگۆیان لە گەڵدا دەكات .

**بنەمای سێیەم : ژیری و دانایی :**

واتە ئەبێت ئافرەت دانیی هەبێت لە بانگەواز كردن و لە گەیاندنی زانست بەو كەسانەی كە گفتۆگۆیان لـە گەڵـدا دەكات ، وە دانایی ـ وەك ئەهلی عیلم فەرموویانە ـ بریتیەیە لە دانانی شـت لـە جێـی گونجـاوی خۆیـدا ، وە دانـایی یەكێكە لە نیعكەتەكانی خوای پاك و پایەبەرز بە سەر بەندەكەیـەوە ، بـەوەی خـوا دانایـەتی پێببەخـشێت ، خـوای گەورە فەرموویەتی : ﴿**يُؤْتِي الْحِكْمَةَ مَن يَشَاء وَمَن يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا**﴾ [سورة البقرة : (٢٦٩)] .

واتە : خوا دانایەتی دەدات بە هەر كەسێك ویستی لێبێت ، وە هەر كەسێك دانایەتی پێـدرا ئـەوا خێرێكـی زۆری پێ دراوە .

چەندێك زۆرە ئەو مەبەستەی كە لـە دەسـت دەچـێت و كـەموكوڕی پەیـدا دەبێـت ئەگـەر دانایـەتی نـەبێت لـەو شوێنەدا ، بەشـێك لـە دانایـەتی لـە بانگـەوازدا بـۆ لای خـوای گـەورە ئەوەیـە كـە گـوێگر لـەو ئاسـتەدا دانـەیت كـە شایستەیەتی ، جا ئەگەر نەزان بێت ئەوا مامەڵەی لە گەڵدا دەكەیت بەو شێوەیەی كە گونجاو بێت لە گەڵ حاڵیـدا ، وە ئەگەر زانا بوو بەڵام هەندێك ستی و كەم تەرخەمی و بێئاگایی تێدا هەبوو ئەوا مامەڵـەی لـە گەڵـدا دەكـەیت بـەو شێوەیەی كە حاڵی ئەو داخوازی دەكات ، وە ئەگەر زانا بوو بـەڵام هەنـدێك لـە خۆبەگـەورەزانین و فیـز زلـی و ڕەت كردنەوەی حەقی تێدا بوو ئەوا مامەڵەی لە گەڵدا دەكەیت بەو شێوەیەی كە حاڵی ئەو داخوازی دەكات .

كەواتە خەڵكی لە سێ پلەدان :

نەزان ، وە زانای تەمبەڵ و تەوەزل ، وە زانای یاخی ، نابێـت هـەر یـەكێك لەمانـە یەكسان بكرێـت بـەوی تـر ، بەڵكو پێویستە هەموو مرۆڤێك لەو پلەیەدا دابنێین كە شایستەیەتی .

لە بەر ئەمە كاتێك پێغەمبەر ﷺ (مُعاذ)ی نارد بۆ وڵاتی یەمەن پێی فەرموو : ((إنَّك تأتــي قوما أهل الكتاب)) .

واتە : تۆ دەڕۆیت بۆ لای خەڵكانێك كە ئەهلی كیتابن (واتە : گاور و جولەكەن) .

بۆیە پێغەمبەر ﷺ ئەمەی پێ ڕاگەیاندن بۆ ئەوەی (مُعاذ) شـارەزای حاڵیـان بێـت تـاوەكو خـۆی ئامـادە بكـات بۆیان بەو شێوازەی كە ئەم حاڵەتە داخوازی دەكات ، وە هەروەها بەو شێوازە گفتوگۆیان لە گەڵـدا بكـات كـە ئـەم حاڵەتەیان داخوازی دەكات .

## نموونە لە سەر بەكارهێنانی دانایەتی
## لە بازگەوازی پێغەمبەردا ﷺ

وە بەڵگە لە سەر بەكارهێنانی دانایەتی لە بانگەوازدا بۆ لای خوا بریتیەیە لـە هەنـدێك ڕووداو كـە ڕووی داوە لـە لایەن داناترینی دروستكراوەكان لە بانگەوازدا بۆ لای خوا ئەویش پێغەمبـەر موحەمـەدە ﷺ ، بـا بـۆ ئەمـە هەنـدێك نموونە بهێنینەوە :

**نموونەی یەكەم** : **ئەو پیاوە دەشتەكیەی كە میزی كرد لە ناو مزگەوتدا** :

هەردوو پێشەوا (البخاري ومسلم) و جگە لەمانیش دەگێڕنەوە لە فەرموودەی (أنس بن مالك)ەوە كەوا پیـاوێكی دەشتەكی ڕۆیشتە ناو مزگەوتەوە و پاشان میزی تێدا كرد ، بە هۆی ئەمەوە غیرەتی هاوەڵانی پێغەمبـەر ﷺ جـوڵا

، بۆیە ڕێگریان لێکرد و هاواریان تێکرد ، بەڵام پێغەمبەر ﷺ ـ کە دانایـەتی پێدراوە لـە بانگـەوازدا بـۆ لای خـوای گەورە ـ فەرمووی : ((لا تزرموهُ)) واتە : میزەکەی پێ مەبڕن .

جا کاتێك کابرای دەشتەکی میز کردنەکەی تەواو کـرد پێغەمبـەر ﷺ فـەرمانی کـرد بـەوەی کـەوا سـەتڵێك ئـاو بکرێت بە سەر میزەکەیدا .

ئەنجا بانگی پیاوە دەشتەکیەکەی کرد و پێی فەرموو : ((إنَّ هذه الـمساجد لا تصلح لشيء من القـذر والبـول والـخلاء ، إنَّما هي لقراءة القرآن وذكر الله والصلاة)) .

واتە : بەڕاستی ئەم مزگەوتانە شیاو نیـیە بۆ هیچ شتێك لە پیسی و میز و سەرئاو کردن بەڵکو تەنها بۆ قورئـان خوێندن و زیکری خوا و نوێژ کردنە .

وە ئیمامی ئەحمـەد ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت دەگێڕێتـەوە کـەوا ئـەم پیـاوە دەشـتەکیـیە وتویـەتی : (اللـهم ارحمنـي ومُحمداً ولا ترحم معنا أحداً) .

واتە : خوایە ڕەحم بکە بە من و موحەمەد و ڕەحم بە هیچ کەسێکی تر مەکە لە گەڵ ئێمەدا .

**لەم چیرۆکەدا ئەم چەند پەند و ئامۆژگارییانە وەردەگرین :**

**پەندی یەکەم :**

بەڕاسـتی هـاوەڵانی پێغەمبـەر ﷺ غیرەتیـان جـوڵا و هاواریـان کـردە ئـەو دەشـتەکیـیە ، ئەمـەش ئـەوەی لێوەردەگیرێت کەوا نابێت بێدەنگ بیت لە سەر تاوان و خراپە ، بەڵکو پێویستە (واجب)ـە دەست پێشخەری بکرێت لە ڕێگرتن و بەرهەڵستی کردنی خراپەکار بۆ ئەوەی تاوانەکە ئەنجام نەدات ، بەڵام ئەگەر ئـەو دەسـت پێـشخەرییە زیانێکی گەورەتری لێکەوتەوە ئەوا لەسەرخۆیی و هێمنی پێویستە تاوەکو ئەم خراپە و زیانە گەورەیە نامێنێت ، لە بەر ئەمە پێغەمبەر ﷺ ڕێگری لە هاوەڵانی کرد بەڵکو سەرزەنشتی کردن لەوەی کە ڕێگری لەو پیـاوە دەشـتەکیـیە بکەن و هاواری تێبکەن .

**پەندی دووەم :**

پێغەمبەر ﷺ بێدەنگ بوو لە خراپەیەك لەبەر پاڵنان و دوور خستنەوەی خراپەیەکی لـەوە گـەورە تـر و خـراپ تر ، ئەو خراپەیەی کە بێدەنگ بوو لێی بریتی بوو لە بەردەوام بوونی ئەو پیاوە دەشتەکیـیە لە سـەر میـز کـردن ، وە ئەو خراپەیەی کـە پـاڵی پێـوە نـا و دووری خـستەوە بـەم بـێدەنگ بوونـە بـریتی بـوو لـەوەی کـەوا ئـەو پیـاوە دەشتەکیـیە ئەگەر هەستایەت و میزەکەی پێ ببڕایەت ئەوا لە دوو حاڵەت بەدەر نەدەبوو :

١ ـ یان دەبوایە هەستایەت بە عەورەت دانەپۆشراوی بۆ ئەوەی جلەکانی پیس نەبێت بە میزەکەی ، ئـەو کاتـە بە میزەکەی ئەندازەیەکی زیاتر پیس دەبوو لە مزگەوتەکـە ، وە پیاوەکـەش دەردەکـەوت بـۆ خـەڵکی بـە عـەورەت دانەپۆشراوی ئەمەش دوو خراپە و زیانی تێدایە .

٢ ـ وە یان ئەگەر لە سەر ئەم شێوەیە هەستایەت ، ئەوا عەورەتی دادەپۆشـی ، بـەڵام جلـەکانی پـیس دەبـوو بەوەی کە بەری دەکەوێت لە میزەکەی ، لە پێناو ئەم دوو خراپەیە پێغەمبەر ﷺ بێدەنگ بوو لـە سـەر میـز تـەواو کردنەکەی ، هەرچەندە خراپە هەر لە سەرەتاوە ڕووی دابوو بە میز کردنی لە ناو مزگەوتدا ، جـا ئەگـەر هەسـتایەت ئەوا ئەم خراپەیە کە ڕووی دابوو شاراوە نەدەبوو .

لەم خاڵەدا پەندێك وەردەگرین کە بریتیيە لەوەی کەوا : ئەگەر خراپەك لە سەرئەنجامەدا هیچی لێنەکەوێتەوە ئیللا شتێکی لەو خراپتر نەبێت ئەوا خۆگرتنەوە پێویستە (واجب)ـە لە پێناو پاڵنان و دوور خستنەوەی گەورەترین خراپە بە هەڵبژاردنی بچووکترینیان .

وە ئەمەش بنەوایەکی هەیە لە قورئاندا ، خوای گەورە فەرموویەتی :

﴿وَلاَ تَسُبُّواْ الَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ اللّهِ فَيَسُبُّواْ اللّهَ عَدْوًا بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾ [سورة الأنعام : (١٠٨)] .

واتە : جوێن مەدەن و قسە مەکەن بەو کەس و شتانەی کەوا جگە لە خوا دەپەرسترێن و هاواریان تێدەکرێت چونکە بە هۆی ئەمەوە هاوەڵبڕیاردەرەکانیش جوێن بە خوا دەدەن و قسەی پێ دەکەن بە هۆی زمان درێژی نەزانانە و نەفامانەوە .

هەموومان دەزانین کەوا قسەکردن بەو پەرستراوانەی کەوا جگە لە خوا دەپەرسترێن لە کارە خۆشویستراوەکانە لە لای خوای گەورە ، بەڵام کاتێك قسەکردن بەم پەرستراوانە سەردەکێشێت بۆ قسە کردن بە کەسێك کە شایستەی قسەپێکردن نیيە کە ئەویش پەروەردگاری بەدەسەڵات و گەورەیە ، ئەوا خوای پاك و بێ کەموکوڕی ڕێگری لێکردووین لە قسە کردن بە پەرستراوەکانیان لە ئایەتی پێشوودا .

**پەندی سێیەم :**

پێغەمبەر ﷺ دەست پێشخەری کرد لە لابردنی خراپەکە ، چونکە دواخستن چەندین نەهامەتی تێدایە ، ئەوە لە تواناداا بوو کەوا پێغەمبەر ﷺ پاك کردنەوەی ئەو بەشەی لە مزگەوتەکەدا دوابخستایەت تاوەکو خەڵکی پێویست دەبوون بۆ نوێژ کردن لەو بەشەدا ، بەڵام لە پێشتر و چاك تر ئەوەیە کەوا مرۆڤ دەست پێشخەری بکات لە لابردنی خراپەدا بۆ ئەوەی دواتر بێتوانایی یان لەبیرچوونی نەیەت بەسەردا ، وە ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگە ، کەوا دەشت پێشخەری بکات لە لابردنی خراپەدا لە ترسی تووش بوون بە بێدەسەڵات بوون لە لابردنیدا لە داهاتوودا یان لەبیرچوونەوەی .

بۆ نموونە : ئەگەر پیسیەك بەر جلێك کەوت وە ئەو جلەش نوێژی پێوە دەکرێت یان نوێژی پێوە ناکرێت ئەوا لە پێشتر و چاك تر ئەوەیە کەوا دەست پێشخەری بکرێت لە شۆردنی ئەو پیسایيە و دوای نەخات ، چونکە لەوانەیە لە داهاتوودا لەبیری بچێت ، یان نەتوایت لای ببات بە هۆی نەبوونی ئاوەوە یان لە بەر هۆکاری تر .

لە بەر ئەمە کاتێك منداڵێکی کوڕپەیان هێنا بۆ پێغەمبەر ﷺ و ئەویش لە باوەشیدا داینا ، وە منداڵەکە میزی کردە ناو باوەشی پێغەمبەر ﷺ ، ڕاستەوخۆ پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کرد بە هێنانی ئاو و کردنی بە سەر میزەکەدا ، وە شۆردنی جلەکەی دوانەخست تاوەکو
کاتی نوێژ لە بەر ئەوەی کە لە پێشەوە باسکرا .

**پەندی چوارەم :**

پێغەمبەر ﷺ حاڵی ئەم مزگەوتانەی بەو پیاوە دەشتەکیيە ڕاگەیاند کەوا بۆ نوێژ کردن و قورئان خوێندن و زیکری خوا دروست کراون ، وە شیاوی ئەوە نین کەوا شتانێکی پیس و ئازار دەری تێدا بکرێت .

کەواتە حاڵی مزگەوت ئەوەیە کە : گەورە ڕابگیرێت و پاك و خاوێن بکرێتەوە و کارانێکی تێدا نەکرێت ئیللا ئەوە نەبێت کە خوای پێ ڕازی دەکرێت لە نوێژ و قورئان خوێندن و زیکری خوای گەورە و هاوشێوەکانی ئەمانە .

**پەندی پێنجەم :**

بەڕاستی ئەگەر مرۆڤـ بانگەشەی جگە لە خۆی بکات بە دانایی و وردی و نەرم و نیانی ، ئەوا لەوە گەورەتری دەست دەکوێت کە مەبەستێتی لەوەی کە ئەگەر بیەوێت بە تندوتیژی چارەی بکات ، ئەوە بوو کابرای دەشتەکی باوەڕێکی تەواوی کرد بەوەی کە پێغەمبەر ﷺ فێری کرد ، تا ئەو ئاستەی کەوا ئەم وشە بەناوبانگەی ووت : (اللهم ارحمنـــي ومُحمداً ، ولا ترحم معنا أحداً) .

واتە : خوایە ڕەحم بکە بە من و موحەمەد و ڕەحم بە هیچ کەسێکی تر مەکە لە گەڵ ئێمەدا .

لێرەدا دەبینین پێغەمبەر ﷺ لە گەڵ ئەم پیاوەدا لایەنی لەسەرخۆیی و نەرم و نیانی بەکار هێنا ، چونکە بێ گومان کەسێکی نەزان بوو ، ناگونجێت کەسێکی زانا بە حورمەتی مزگەوت و واجبێتی گەورە ڕاگرتنی لە پێش چاوی خەڵکدا هەستێت بە میز کردن لە لایەکی‌یەوە .

**نموونەی دووەم : ئەو هاوەڵەی کە لە گەڵ خێزانەکەیدا جووت بوو لە ڕۆژی ڕەمەزاندا :**

ئیمامی بوخاری دەگێڕێتەوە لە فەرموودەی (أبو هريرة)وە (رضي الله عنه) کەوا پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ و وتی : ئەی پێغەمبەری خوا تیاچووم ، فەرمووی چی لەناوی بردی ؟ وتی : چوومەتە لای خێزانم لە ڕەمەزاندا لە کاتێکدا کە بە ڕۆژووبووم .

ـ ئەمە تاوانێکی گەورەیە کەوا مرۆڤـ بە ئەنقەست لە گەڵ خێزانیدا جووت ببێت لە کاتێکدا کە بە ڕۆژووە لە ڕەمەزاندا ، بەڵام با بڕوانین بزانین پێغەمبەر ﷺ چۆن مامەڵەی لە گەڵدا کرد ؟

ئایا سەرزەنشتی کرد ؟ ئایا قسەی پێ کرد ؟ ئایا پێیدا هەڵکۆڵیا ؟

نەخێر ، چونکە ئەو پیاوە بە تەوبەکاری و پەشیمانی‌یەوە هاتووە ، وە پشتهەڵکار و بێشەرم و گوێپێنەدر نەبوو بەوەی کە لێیەوە رووی دابوو ـ .

پێغەمبەر ﷺ پرسیاری لێکرد : ئایا کۆیلەیەکت دەست دەکەوێت بۆ ئەوەی ئازادی بکەیت بۆ سڕینەوەی تاوانی ئەو کارەی کە لێیەوە رووی دابوو ؟

وتی : نەخێر .

ئەنجا پرسیاری لێکرد : ئایا دەتوانیت دوو مانگ لە سەر یەك ڕۆژوو بگریت ؟

وتی : نەخێر .

ئەنجا پرسیاری لێکرد : ئایا دەتوانیت خواردنی شەست (٦٠) هەژار بدەیت ؟

وتی : نەخێر .

پاشان پیاوەکە دانیشت ، ئەنجا هەندێك خورما هێنرا بۆ پێغەمبەر ﷺ و فەرمووی : ئەم خورمایە ببە و بیبەخشەرەوە (بیکە بە صەدەقە) بۆ سڕینەوەی تاوانی ئەو کارە .

وتی : ئایا بیبەخشمەوە بە سەر کەسێکی لە خۆم هەژار تر ئەی پێغەمبەری خوا ؟ سوێند بە خوا لە نێوان ئەم پەڕ و ئەو پەڕی مەدینەدا خێزانێکی لە من هەژار تری تێدا نی‌یە !

ئەنجا پێغەمبەر ﷺ پێکەنی تاوەکو کاکیلەکانی کەوتە دەر ، پاشان فەرمووی : بیدە بەدەرخواردنی خێزانەکەتدا .

**لەم چیرۆکەداچەندین پەند و ئامۆژگاری دەبینین لەوانە :**

پێغەمبەر ﷺ توندوتیژ نەبوو لە گەڵ ئەم پیاوەدا ، وە سەرزەنشتی نەکرد ، وە پێیدا هەڵنەکۆڵیا ، چونکە بە تەوبەکاری و پەشیمانیەوە هاتووە .

جیاوازی هەیە لە نێوان پیاوێکی یاخی و گوێ نەدەر لە گەڵ پیاوێکی ملکەچ و ئاشتیوان ، ئەم پیاوە هاتووە هانای بۆمان هێناوە و داوامان لێدەکات کەوا ڕزگاری کەین لەوەی کە تێیکەوتووە .

لەبەر ئەوە پێغەمبەر ﷺ بەم شێوە مامەڵەی لە گەڵدا کرد .

گەڕاندیەوە بۆ لای خێزانەکەی و لە گەڵ خۆشیدا دەسکەوتێکی هەڵگرت و بردیەوە کە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ وەریگرت ، کە بریتی بوو لەو خورامە کەوا پێویست بوو لە سەری بیدات بە دەرخواردی شەست (٦٠) هەژاردا ئەگەر خۆی هەژار نەبوایەت .

**نموونەی سێیەم : ئەو پیاوەی کە لە ناو نوێژەکەیدا پژمی :**

ئەم نمونەیە وەردەگرین لە فەرموودەی (معاوية)ی کوڕی (الـحكم)ەوە (رضي الله عنه) کاتێك ڕۆیشتە ژوورەوە بۆ لای پێغەمبەر ﷺ لە کاتێکدا کە نوێژی دەکرد ، جا پیاوێك لە خەڵکەکە پژمی و وتی (الـحمدُ لله) ، (معاويـة) لە وەڵامیدا وتی : (يرحمُكَ الله) ، خەڵکەکەش چاویان تێبڕی ـ واتە : بە مەبەستی ئینکاری کردنی قسەکردنەکەی ـ ئەویش وتی : ئەی لە باری دایکم بچم ! ئەنجا خەڵکەکە بە دەستیان دەیاندا لە سەر ڕانیان بۆ ئەوەی بێدەنگیکەنەوە ، ئەویش بێدەنگ بوو ، جا کاتێك پێغەمبەر ﷺ سەلامی دایەوە و لە نوێژەکەی بوویەوە بانگی کرد و پێی فەرموو : ((إنَّ هذه الصلاة لا يصلحُ فيها شيء من كلام الناس ، إنَّما هي التكبيرُ وقراءة القرآن)) .

واتە : بەڕاستی ئەم نوێژە شیاو نیە هیچ شتێك لە قسەی خەڵکی تێیدا بووترێت بەڵکو تەنها بریتیە لە تەکبیر (الله أكبر) و قورئان خوێندن .

(معاوية) وتی : ((فبأبـي هو وأمي ما رأيت مُعلِّماً قبله ولا بعده أحسن تعليماً منه ، فوالله مـا مـا كهرنـي ولا ضربنـي ولا شتمنـي)) .

باوك و دایکم بە قوربانی پێغەمبەر بێت ﷺ ، هیچ مامۆستایەکم نەبینیوە نە لە پێش ئەو و لە دواشی کە لەو باشتر خەڵك فێر بکات ، سوێند بە خوا نە چوو بە گژما و نە لێمیدا و نە قسەشی پێمکرد .

**نموونەی چوارەم : ئەو پیاوەی کە مستیلەی ئاڵتونی لە دەست کردبوو :**

ئەم نمونەیە وەردەگرین لە چیرۆکی ئەو پیاوەی کەوا مستیلەی ئاڵتونی لە دەست کردبوو .

پێشتر پێغەمبەر ﷺ ڕوونی کردبووەوە کەوا لەبەرکردنی ئاڵتون حەرامە لە سەر نێرینەی ئەم ئوممەتە ، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : ((يعمدُ أحدكم إلى جمرةٍ من نار فيضعها في يده)) .

واتە : یەکێك لە ئێوە دەچێت پشکۆیەك لە ئاگر دەهێنێت و دەیخاتە ناو دەستی .

ئەنجا پێغەمبەر ﷺ خۆی بە دەستی خۆی مستیلەکەی لە دەستی ئەو پیاوە دەرهێنا و فڕێیەی دا .

کاتێك پێغەمبەر ﷺ ڕۆیشت ، وترا بەو پیاوە : مستیلەکەت ببە و سوودی لێبببینە .

ئەویش وتی : سوێند بە خوا مستیلەیەك نابەم کەوا پێغەمبەر ﷺ دەرهێناوە و فڕێیەی داوە .

لە مامەڵەکردنی پێغەمبەر ﷺ لە گەڵ ئەم پیاوەدا هەندێك لـە توندی دەبیـنین ، چـونکە ڕواڵـەت ئەوەیـە ئـەم پیاوە هەواڵی پێیگەیشتووە کەوا لەبەرکردنی ئاڵتون حەرامە لە سەر نێرینەی ئەم ئوممەتە ، لەبـەر ئەمـە پێغەمبـەر ﷺ بەم شێوەیە مامەڵەی کرد لە گەڵ ئەم پیاوەدا کەوا توند تر بوو لە مامەڵە کردن لە گەڵ ئەوانەی پێشوودا .

کەواتە پێویستە بانگەوازکار هەموو مرۆڤێك لە ئاست و پلەی خۆیدا دابنێـت بـە پێـی ئـەو حاڵـەی کـە داخـوازی دەکـات ، نـەفام هەیـە نازانێت ، وە زانـا هەیـە بـەڵام سـستی و تەمبـەڵی تێدایـە ، وە زانـاش هەیـە بـەڵام یـاخی و سەرسەخت و خۆبەگەورەزانە ، بۆیە پێویستە هەر یەکێك لەمانە لەو پلەیەدا دابنرێت کەوا شایستەیەتی .

**بنەمای چوارەم : جوان پەروەردەکردن :**

واتە دەبێت ئافرەت جوان منداڵەکانی پـەروەردە بکـات ، چـونکە منداڵـەکانی پیـاوانی داهـاتوون .. ئافرەتـانی داهاتوون ، ئەو منداڵانە یەکـەم جـار کـە پێدەگـەن ڕووبـەڕووی ئـەم دایکـە دەبنـەوە ، جـا ئەگـەر دایك خوانـاس و خواپەرست و ڕەوشت بەرز و بە ئەخلاق و مامەڵە جوان بوو .. ئەوانیش لە سەر دەسـتی ئـەم دایکـە دەردەکـەون و پەروەردە ببن ، ئەوا بەڕاستی لە داهاتوودا گاریگەریەکی گەورەیان دەبێت لە چاکسازی کۆمەڵگادا .

لەبـەر ئـەوە پێویـستە لـە سـەر ئـافرەتی خـاوەن منـداڵ کـەوا بایـەخ بـدات بـە منداڵـەکانی و گرنگـی بـدات بـە پـەروەردەکردنیان ، وە ئەگـەر بـە تـەنها بـۆی نـەکرا چـاکیان بکـات بـا داوای یارمـەتی بکـات لـە باوکیـان یـان لـە سەرپەرشتیارەکانیان ئەگەر باوکیان نەبوو سەرپەرشتیان بکات لە براکانی یان مامـەکانی یـان برازاکـانی یـان جگـە لەوان .

وە نابێت ئافرەت ملکەچی ڕۆژگار (واقع) ببێت و بڵێت : خەڵکی لە سەر ئەمە دەڕۆن و من ناتوانم گـۆڕان کـاری بکەم ، چونکە ئەگەر ئێمـە هـەروا بمێنینـەوە و ملکـەچ ببـین بـۆ (واقـع) ئـەوا چاکسازی نابێـت ، چـونکە بەڕاسـتی چاکسازی پێویستی بەوە هەیە کەوا ئەوەی خراپ بووە بیگۆڕیت بۆ ڕوویەکی چاك ، وە پێویـستە چـاکیش بگۆڕیـت بۆ چاکتر تاوەکو شتەکان ڕاست دەبنەوە .

ئەنجا ملکەچ بوون بۆ ڕۆژگار کارێك نیە لە شەریعەتی ئیسلامدا هاتبێـت ، لەبـەر ئەمـە کاتێـك پێغەمبـەر ﷺ نێـردرا بـۆ نـاو ئوممـەتێکی موشـریکی هـاوەڵ بڕیـاردەر بـۆ خـوا کـەوا تاکـەکانی بتیـان دەپەرسـت و پەیوەنـدی خزمایەتیان دەپچڕاند و ستەمیان دەکردن و دەست درێژیان دەکردە سەر خەڵك بە بێ حەق .. مەلکەچ نەبوو .

بەڵکو خوا ڕێی پێنەدا کەوا ملکەچ ببێت بـۆ حـاڵی ئـەو ڕۆژگـارە ، بـەڵکو پێـی فـەرموو : ﴿**فَاصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ وَأَعْرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ**﴾ [سورة الحجر : (٩٤)] .

واتە : ئەوە ڕابگەیەنە کەوا فەرمانت پێکراوە و پشتیش هەڵکە لە موشریك و هاوەڵبڕیاردەرەکان .

خوای پاك و بێکەموکوڕی فـەرمانی کـرد بـە پێغەمبەرەکـەی ﷺ کـەوا حـەق و ڕاسـتی ڕابگەیـەنێت و پـشتیش هەڵبکات لە موشریك و هاوەڵبڕیاردەرەکان ، وە هاوەڵبڕیاردانەکەیان و دژایەتیەکەیان لە بیر خـۆی بباتـەوە تـاوەکو کارەکەی بۆ تەواو دەبێت ، وە هەر ئا ئەمەش بوو هاتە دی .

بەڵێ لەوانەیە کەسێك بڵێت : بەڕاستی دانایی لەوەدایـە کـەوا گۆڕانکـاری بکـەین بـەڵام نـەك بـەو خێراییـەی کـە دەمانەوێت ، چونکە کۆمەڵگا لە سەر پێچەوانەی ئەوەن کـە ئێمـە دەمانـەوێت لـە چاکسازی ، ئـەو کاتـە پێویـستە مرۆڤـ لـە چاکسازیدا خـەڵکی بگوێزێتـەوە لـە گرنگترەوە بـۆ لـەوە کـەمتر ، واتـە سـەرەتا دەست بکـات بـە چـاك

کردنەوەی ئەوەی کە گرنگترە و زیاتر پێی لە سەر دادەگیرێت ، پاشان ووردە ووردە خەڵکی بگوێزێتەوە تاوەکو مەبەستەکەی بۆ دێتە دی .

**بنەمای پێنجەم : گورجوگۆڵی لە بانگەواز کردندا :**

واتە دەبێت ئافرەت ڕۆڵی هەبێت لە ڕۆشبیر کردنی کچانی هاوڕەگەزی خۆیدا ، ئەمەش لە کۆمەڵگادا چ لە نێو قوتابخانەدا بێت یان لە نێو زانکۆدا بێت یان لە قۆناغی دوای زانکۆدا بێت وەك خوێندنی باڵا ، هەروەها لە کاتی کۆبوونەوەی نێوان ئافرەتاندا لەو سەردانانەی کەوا هەندێك ووتەی بە سوودی تێدا بە دی دێت .

وە پێمان گەیشتووە ـ سوپاس بۆ خوا ـ کەوا هەندێك ئافرەت ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لەم بابەتەدا ، ئەو ئافرەتانە چەندین دانیشتنیان ڕێکخستووە بۆ کچانی هاوڕەگەزی خۆیان لە بواری زانستی شەرعی و زانستی زمانی عەرەبیدا ، ئەمەش گومانی تێدا نیيە کەوا کارێکی چاکە و دەست خۆشی و سوپاس گوزاری ئافرەتی لە سەر دەکرێت ، وە پاداشتەکەی دەمێنێتەوە بۆی بۆ دوای مردنی لەبەر فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ :

((إذا مات الإنسان انقطع عنه عمله إلاَّ من ثلاث : من صدقة جارية أو علم ينتفع به أو ولد صالح يدعو له)) .

واتە : ئەگەر مرۆڤ مرد ئەوا کردەوەکانی دەبڕێتەوە ئیللا لە سێ شتدا نەبێت : صەدەقەیەکی بەردەوامی کردبێت ، یان زانستێکی شەرعی سود لێبینراوی بە جێ هێشتبێت ، یان منداڵێکی کە دوعای خێری بۆ بکات .

جا ئەگەر ئافرەت خاوەنی جموجوڵ بێت لە نێو کۆمەڵگاکەیدا لە بڵاوکردنەوەی بانگەوازدا :

لە ڕێگای سەردانەکانیەوە ، یان لە ڕێگای دانیشتن و یەکتربینی نێو قوتابخانەکان و جگە لەمەش ، ئەوا کاریگەریەکی گەورە و ڕۆڵێکی بەرفراوانی دەبێت لە چاکسازی کۆمەڵگادا .

ئەمە ئەوە بوو کە ئێستا بۆم ئامادە بوو بە نیسبەت (**ڕۆڵی ئافرەتان لە چاکسازی کۆمەڵگادا**) و لە گەڵ باس کردنی (**بنەماکانی ئەم چاکسازی یە**) .

ئەمە و داوا لە خوای پاك و بێ کەموکوڕی دەکەم کەوا بمان کات بە کەسانێکی ڕێنمایی کراو و ڕێنماییکار .. چاکەکار و چاکساز ..

وە ڕەحمەتی خۆیمان پێ ببەخشێت چونکە ئەو بەخشندەیە .

والــحمدُ لله رب العالـمين ، وصلى الله على نبيِّنا محمد
وعلى آلهِ وأصحابه ومَنْ تبعهم بإحسانٍ إلى يوم الدين

====================

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

لە دوعای خێر بێ بەشمان مەکەن